# پلانی ستراتیژی ٢٠ ساڵە بۆ توێژینەوە و پەرەپێدان

# بۆ بواری ئەکادیمیی بەڕێوەبردنی کار لە هەرێمی کوردستان (٢٠٢٦ – ٢٠٤٦)


**ئامادەکراوە لەلایەن:**

**فایزە مهدی عبدالعزیز**

کۆلێژی تەکنیکی سۆران

**بە هاوبەشی:**

**شهلاء یاسین محمد صالح**

زانکۆی سۆران – فاکەڵتی یاسا، زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن

# پێرست

یەکەم: پێشەکی ...... 3
١. بۆچی ئەمە گرنگە بۆ کوردستان؟ ...... 3
٢. ڕۆڵی زانکۆکان چییە؟ ...... 3
دووەم: شیکاری بارودۆخی ئێستا ...... 4
١. هێزی ئێستا ...... 4
٢. کەمی بەرهەمی توێژینەوە ...... 5
٣. نەبوونی داتای پشتڕاست و باوەڕپێکراو ...... 5
٤. لاوازی پەیوەندی نێوان زانکۆ و کەرتی بازرگانی ...... 6
٥. نادڵنیایی سیاسی و دارایی ...... 6
٦. کەمی توانای خوێندنی باڵا و پەرەپێدانی فاکەڵتی ...... 6
٧. ژێرخانی توێژینەوەی بەردەست ...... 6
٨. سەرچاوەی مرۆیی ...... 7
١٠. بودجەی توێژینەوە ...... 7
١٠. هاوکاریی نێودەوڵەتی ...... 7
سێیەم: شیکاری (SWOT) ...... 8
چوارەم: پلانی ستراتیژی ...... 10
یەکەم: دید (Vision) بۆ ساڵی ٢٠٤٦ ...... 10
دووەم: پەیام (Mission) ...... 11
سێیەم: ئامانجە ستراتیژییە درێژخایەنەکان ...... 11
پێنجەم: بوارە بنەڕەتییەکانی توێژینەوە ...... 12
شەشەم: ستراتیژی دابینکردنی بودجەی توێژینەوە ...... 13
حەوتەم: نوێگەری و هاوکاری ...... 14
هەشتەم: ڕێچکەی جێبەجێکردن ...... 15
قۆناغی یەکەم: (٢٠٢٦ - ٢٠٣٠) بنەڕەت ...... 15
قۆناغی دووەم: (٢٠٣١ - ٢٠٣٥) گەشە ...... 15
قۆناغی سێیەم: (٢٠٢٦ - ٢٠٤٠) فراوانبوون ...... 15
قۆناغی چوارەم: (٢٠٤١ - ٢٠٤٦) پێشبڕکێی نێودەوڵەتی ...... 16
نۆیەم: پێوەرە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی کار(Key Performance Indicators - KPIs) ...... 16
دەیەم: کۆتایی(Conclusion) ...... 16
سەرچاوەکان ...... 18

## یەکەم: پێشەکی

بەڕێوەبردنی کار چییە؟ ئەوەندەی ئاسان بکەمەوە: ئەم بەشە ئەکادیمییە فێرت دەکات کە ڕێکخراوەکان چۆن پلان بۆ کارەکانیان دادەنێن، چۆن ڕابەرایەتی دەکەن، چۆن دارایی ڕێکدەخەن، و چۆن بازرگانی دەکەن هەمووی بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە بگەنە ئامانجەکانیان.

قوتابیان لەم بەشەدا فێری چەندین شتی جیاواز دەبن: ئابووری، دارایی، ژمێریاری، بازرگانی، بەڕێوەبردنی سەرچاوەی مرۆیی، ستراتیژی، پرۆسە، شیکاری زانیاری، و کارەبەرهەمهێنان. مەبەست لە هەمووی ئەوەیە کە قوتابیەکی تەواو ئامادە بکەین بۆ ڕابەرایەتی کردنی هەر ڕێکخراوێکی تایبەت بێت یان حکومی.

### ١. بۆچی ئەمە گرنگە بۆ کوردستان؟

ئابووری هەرێمی کوردستان تا ئێستا زۆربەی پشت بەستووە بە نەوت و گاز و سێکتەری حکومی. بەڵام ئەو قەیرانەی بەسەر هاتووە قەیرانی ٢٠١٤، شەڕی داعش، کێشەکانی بودجە لەگەڵ بەغدا هەموویان پێمان دەڵێن کە ئەم پشتبەستنە مەترسی زۆری لێدەکەوێتەوە .ئێستا پێویستە ئابووری هەرێم جیا ببێتەوە. پێویستە بەرەکێکی تایبەتی پێشبڕکێکار و زانستی بنەڕەتی دروست ببێت. بۆ ئەمەش، پێویستە بەڕێوەبەر و بەرهەمهێنەر و توێژەرمان هەبن کە بە قاڵبی نوێی کار ئاشنا بن و بتوانن ئەم شێوازانە لەگەڵ بارودۆخی خۆماندا بگونجێنن.

### ٢. ڕۆڵی زانکۆکان چییە؟

بەشەکانی بەڕێوەبردنی کار لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و شوێنەکانی تر، تەنها شوێنی خوێندن نین. ئەوانە وەک بزوێنەری توێژینەوە و گۆڕانکاریشن. ئەوانە دەتوانن:

- حکومەت ڕابنێن لە بڕیاری ئابووری دروستدا.
- وەبەرهێنەران ڕێنمایی بکەن.
- کۆمپانیای بچووک و مامناوەند (SME) بەرز بکەنەوە.

### ٣. بۆچی پلانی درێژخایەن پێویستە؟

کێشەکانی بەڕێوەبردن لە کوردستان کێشەی ڕۆژێک یان مانگێک نین، بەڵکو کێشەیەکی کۆن و درێژخایەنن. کەرتی تایبەت هێشتا بەهێز نییە و داتا و زانیارییە پێویستەکان لەبارەی ئەم کەرتە بە تەواوی بەردەست نین. سیستەمی بانکی هێشتا سنووردارە و ئەمەش کارکردن و گەشەکردنی کاروبارەکان قورستر دەکات. لە هەمان کاتدا، ژێرخانی بەرهەمهێنانی کارەبا هێشتا بە شێوەی پێویست گەشەی نەکردووە.

لە بواری حوکمرانی و دامەزراوەکانیشدا کێشە هەیە، کە ئەمە کاریگەری لەسەر گەشەی ئابووری و کاروبارەکان دادەنێت. لە لایەکی تریشەوە، زۆرێک لە قوتابییان بە تەواوی ئامادە نین بۆ ئەو پێویستییەی کە بازاڕی کار هەیەتی.

بۆیە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بە پلانێکی کورتخایەن ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە پلانێکی درێژخایەن و هەنگاوی بەردەوام هەیە.

ئەم کێشانە بە توێژینەوەیەکی کورت یان هەنگاوێکی تاک چارەسەر نابن. بۆیە پێویستە پلانێکی ٢٠ ساڵانە، لە ساڵی ٢٠٢٦ تا ٢٠٤٦، هەبێت کە سەرنجی بخاتە سەر سێ ئامانجی سەرەکی:

١. بنیاتنانی توانای توێژینەوەی بنەڕەتی.

**٢.** بەرهەمهێنانی زانستی و توێژینەوەیی کە لەگەڵ بارودۆخی خۆمان بگونجێت.

**٣.** گەیشتن بە ئاستێک کە کوردستان ببێتە بەشدارێکی ناسراو لە بواری توێژینەوەی بەڕێوەبردن و سیاسەتی ئابووری لە عێراق و ناوچەکەدا.

ئەم پلانە دەتوانێت لەگەڵ ڕێنمایی و ڕاپۆرتەکانی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، لەوانەشUNESCO ، هاوتەریب بێت و ڕێچکەیەکی ڕوون بۆ گەشەپێدانی توێژینەوە و بەڕێوەبردن دیاری بکات.

## دووەم: شیکاری بارودۆخی ئێستا

بارودۆخی توێژینەوە لە بەڕێوەبردنی کار لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغی سەرەتاییە. ئەمە ڕاستییەکە. بەڵام ڕاستییەکی تر هەیە: مامۆستایان هێشتا ئارەزوویان هەیە، قوتابییان ئامادەن، و کۆمەڵگا پێویستی بە چارەسەری هەیە .کێشەکە تەنها ئەوەیە کە سیستەمەکە هێشتا بیر لە "فێربوون" دەکاتەوە، نەک لە "دۆزینەوە". هەرکاتێک ئەم گۆڕانکارییە لە مێشکدا ڕوویدا، گۆڕانکاری لە زانکۆکان و بازرگانیدا ڕوودەدا. زانکۆکان ناتوانن بە تەنها گەشە بکەن پێویستە وەک سێ بەش (حکومەت، زانکۆ، پیشەسازی) یەک بگرنەوە. بەڵام ئەمە تەنها لە ڕێگەی حکومەتەوە دەست پێدەکات. ئەمە نەک تەنها پێشنیازێکە، بەڵگەی ئەزموونی وڵاتانی سەرکەوتووە .

### ١. هێزی ئێستا

سەرەڕای ئەو کێشانەی بوونی هەیە، هەرێمی کوردستان هەندێک هێزی بنەڕەتی هەیە کە دەتوانن ببنە بناغەی گۆڕانکاری لە بواری زانست و توێژینەوە.
گرنگترین هێزەکان بریتین لە:

- بوونی گەنجانی خوێندەوار و توانادار کە دەتوانن ببنە هێزی سەرەکی پەرەپێدانی زانست و ئابووری.
- بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە زانکۆ و پەیمانگا کە بنەمایەکی باش بۆ پەرەپێدانی توێژینەوە و نوێکارییە.
- دەستگەیشتن بە زمانی ئینگلیزی و سەرچاوە نێودەوڵەتییەکان کە ڕێگە بە مامۆستا و قوتابییان دەدات لەگەڵ زانستی جیهانی پەیوەندی دروست بکەن.

- بوونی کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان کە دەتوانن ببنە هاوبەشی زانکۆکان لە توێژینەوە و پەرەپێدانی نوێکاری.
- بوونی پێویستییەکی ڕاستەقینە بۆ توێژینەوەی جێبەجێکراو لە بوارەکانی ئابووری، تەکنەلۆجیا، بەڕێوەبردن و کۆمەڵگا.
- بوونی دەرفەتی هاوکاری نێوان زانکۆ و کۆمپانیاکان کە دەتوانێت توێژینەوە لە تیۆرییەوە بگوازێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕاستەقینە.
- توانای پەیوەندیکردن بە زانکۆ و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەزموون، زانیاری و زانست.
- بوونی کلتووری کار و وەبەرهێنان لە نێوان بەشێک لە گەنجان، کە دەتوانێت پاڵپشتی بیرۆکە نوێکان و کاروبارە تازە دەستپێکراوەکان بکات.
- بوونی توانای پەرەپێدانی
- توێژینەوە بە زمانی کوردی کە دەتوانێت زانیاری زانستی لە زانکۆوە بگەیەنێتە کۆمەڵگا و بڕیاردەران.
- بوونی دەرفەتی گەورە بۆ گۆڕانکاری؛ چونکە سیستەمی توێژینەوە هێشتا لە قۆناغی گەشەدایە و دەتوانرێت بە پرۆگرام و سیاسەتی دروست بە شێوەیەکی خێراتر پەرەی پێ بدرێت.

### ٢. کەمی بەرهەمی توێژینەوە

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی توێژینەوەی بەڕێوەبردن، کەمی بەرهەمی توێژینەوەیە. لە زۆر زانکۆدا، مامۆستایان زۆربەی کاتی خۆیان بۆ وانەوتنەوە و کارە ئەکادیمییە ڕۆژانەکان تەرخان دەکەن، بۆیە کاتی کەمتر بۆ توێژینەوە و نووسینی بەرهەمی زانستیان دەمێنێتەوە. ئەمەش وای کردووە بەرهەمی توێژینەوە لە بواری بەڕێوەبردن هێشتا سنووردار بێت و بە ئاستی توێژینەوەی نێودەوڵەتی نەگات.

### ٣. نەبوونی داتای پشتڕاست و باوەڕپێکراو

کێشەیەکی گرنگی تر، کەمی و ناتەواوی داتای ئابووری و بازرگانییە. بۆ نموونە، داتای پەیوەندیدار بە کۆمپانیا بچووک و ناوەندەکان (SMEs) بە تەواوی بەردەست نییە، هەروەها زانیاری ورد لەسەر بەرهەمهێنانی بوارە ئابوورییە جیاوازەکان بە تەواوی بەردەست نییە. سەکتەری نافەرمی، کە بەشێکی گرنگی چالاکیی ئابووری پێکدەهێنێت، هەروەها زۆرجار بە شێوەیەکی تەواو لە ئامارە فەرمییەکاندا ڕەنگ ناداتەوە. کەمی داتای باوەڕپێکراو کارێکی قورس دەکات بۆ توێژەران کە بتوانن ئەنجامەکانیان لەسەر بەڵگەی بەهێز و دڵنیابەخش بنیات بنێن. بۆیە، پەرەپێدانی سیستەمی کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی داتا یەکێکە لە پێویستییە سەرەکییەکانی توێژینەوەی بەڕێوەبردن.

### ٤. لاوازی پەیوەندی نێوان زانکۆ و کەرتی بازرگانی

پەیوەندی نێوان زانکۆکان، دامەزراوە بازرگانییەکان و کۆمپانیا تایبەتەکان هێشتا بە ئاستێکی پێویست نەگەیشتووە. لە ئەنجامی ئەم لاوازییەدا، هەندێک توێژینەوە لە کێشە ڕاستەقینەکانی کەرتی بازرگانی دوور دەکەونەوە.

پەیوەندییەکی نزیکتر لەنێوان زانکۆ و کاروبار دەتوانێت ئەم دۆخە بگۆڕێت. کاتێک توێژەران ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمپانیا و دامەزراوە بازرگانییەکان کار بکەن، دەتوانن کێشە گرنگەکانی کاروبار بناسن و توێژینەوەکانیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە ئاراستە بکەن. بەو شێوەیە، توێژینەوە لە بەرهەمێکی ئەکادیمی دەتوانێت کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر کۆمەڵگە هەبێت.

### ٥. نادڵنیایی سیاسی و دارایی

نادڵنیایی سیاسی و دارایی کاریگەرییەکی گرنگ لەسەر ژینگەی توێژینەوە و کۆمەڵگە هەیە. کاتێک دۆخی سیاسی و دارایی جێگیر نەبێت، کۆمپانیاکان بە زەحمەت دەتوانن بۆ داهاتوو پلاندانان بکەن و بڕیارە درێژخایەنەکان بدەن. هەمان کێشە بۆ زانکۆکان و توێژینەوەش هەیە، چونکە نادڵنیایی دارایی دەتوانێت پشتیوانی و بودجەی پرۆژە توێژینەوەکان سنووردار بکات .لە ژینگەیەکی نادڵنیادا، توێژەر و دامەزراوە هەردووکیان بە کێشەی پلاندانان و پێشبینیکردنی داهاتوو ڕووبەڕوو دەبنەوە. ئەمەش دەکرێت خێرایی گەشەی توێژینەوە و بەکارهێنانی ئەنجامەکانی کەم بکاتەوە.

### ٦. کەمی توانای خوێندنی باڵا و پەرەپێدانی فاکەڵتی

بەرنامەکانی خوێندنی باڵا، بە تایبەتی لە ئاستی ماستەر و دکتۆرا، هێشتا بە پێی پێویستییەکانی بواری بەڕێوەبردن گەشەی پێویستیان نەکردووە. کەمبوونی ژمارەی قوتابییانی دکتۆرا و توێژەرانی نوێ، داهاتووی فاکەڵتییە توێژینەوەییەکانیش سنووردار دەکات. لە هەمان کاتدا، زانکۆکان هەندێک جار ناچار دەبن پسپۆڕ و مامۆستا لە دەرەوە بهێنن. ئەم کارە دەتوانێت شارەزایی نوێ بۆ زانکۆ بهێنێت، بەڵام بۆ دروستکردنی توانای ناوخۆیی بە تەنیا بەس نییە پێویستە وەبەرهێنانی ئامانجدار لە سەرمایەی مرۆییدا لە ڕێگەی پشتگیریکردنی قوتابیانی دکتۆرا و ئەندامانی نوێی دەستەی وانەوتنەوە (فاکەڵتی) ئەنجام بدرێت؛ بە جۆرێک کە کەشوهەوایەکی گونجاویان بۆ دابین بکرێت لە ڕێگەی تەرخانکردنی کاتی پێویست بۆ توێژینەوە، پێشکەشکردنی ڕێنمایی و پشتیوانیی ئەکادیمی، هاوشانی بەگەڕخستنی پاڵپشتیی دارایی پێویست بۆ بەرزکردنەوەی توانست و پسپۆڕیی زانستییان.

### ٧. ژێرخانی توێژینەوەی بەردەست

لە زۆربەی فاکەڵتییەکان، ژێرخانی بنەڕەتی بۆ فێربوون بەردەستە؛ وەک پۆل، کتێبخانە **و تاقیگەی** کۆمپیوتەر. لەو زانکۆیانەی بودجەیان ڕێگە دەدات، دەستگەیشتن بە داتابەیسە ئەکادیمییەکان، وەک EBSCO وProQuest ، هەیە.بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ژمارەی ناوەند و یەکەی تایبەت بە توێژینەوە هێشتا کەمە. بۆ نموونە، Business Analytics Lab، ناوەندی توێژینەوەی، یان یەکەی تایبەت بە کێشەکانی بەڕێوەبردن و ئابووری ناوچەیی بە شێوەیەکی بەرفراوان بەردەست نین.

هەروەها، کەمبوونی کۆگای داتا و Case Study ی پەیوەندیدار بە کۆمپانیا و کاروباری کوردستان و عێراق کێشەیەکی گرنگە. بۆیە، توێژەران زۆرجار ناچار دەبن پشت بە کەیس و سەرچاوە نێودەوڵەتییەکان ببەستن، کە هەموو جارێک ناتوانن تایبەتمەندییەکانی ژینگەی ناوخۆیی پیشان بدەن.

**EBSCO**
يەکێکە لە داتابەیسە ئەکادیمییە بەناوبانگەکان کە زانکۆکان بۆ دۆزینەوە و بەکارهێنانی سەرچاوە زانستییەکان بەکاری دەهێنن.

### ٨. سەرچاوەی مرۆیی
سەرچاوەی مرۆیی بنەمای سەرەکیی هەر سیستەمێکی توێژینەوەییە. لە بواری بەڕێوەبردن، هەندێک فاکەڵتی و مامۆستا شارەزایی و ئەزموونی نێودەوڵەتییان هەیە و لە زانکۆ و ناوچە جیاوازەکاندا ڕاهێنراون. ئەم ئەزموونە دەتوانێت بەهای زۆری بۆ پەرەپێدانی توێژینەوە زیاد بکات .لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگە ئەم شارەزاییە لەگەڵ پێویستی و کۆنتێکستی ناوخۆیی بگونجێندرێت. کێشەکانی بەڕێوەبردن لە کوردستان لەوانەیە لەگەڵ ئەو کێشانەی کە لە ئەورووپا، ئەمریکای باکوور یان ناوچەکانی تر هەن جیاواز بن. بۆیە، پێویستە فاکەڵتی و توێژەرانی نوێ بە شێوەیەکی بەردەوام ڕاهێنرێن و هان بدرێن کە شارەزایی نێودەوڵەتی لەگەڵ کێشە و پێویستییە ناوخۆییەکان پەیوەست بکەن.

قوتابییانی دکتۆرا و PhD Candidates یش دەتوانن ببنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ داهاتووی توێژینەوە، بە مەرجێک کە ڕێنمایی زانستی، کاتی تایبەت بۆ توێژینەوە و پشتیوانی داراییان هەبێت.

### ٩. بودجەی توێژینەوە
یەکێک لە بەربەستە گرنگەکانی **پەرەپێدانی** توێژینەوە، کەمی و ناجێگیری بودجەیە. توێژینەوەی بەڕێوەبردن پێویستی بە **پشتگیری** لە کۆکردنەوەی داتا، شیکردنەوە، گەشت و پەیوەندی لەگەڵ کاروبار و بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکان هەیە. کاتێک بودجەی تایبەت بۆ ئەم کارانە نەبێت، توانا و خێرایی توێژینەوە کەم دەبێتەوە.

هەروەها، پێویستە میکانیزمێکی ڕوون بۆ گرێنتەکانی پێشبڕکێی توێژینەوە (Competitive Grants) دابین بکرێت، بە تایبەتی بۆ پرۆژەکانی بەڕێوەبردن، کارآفرینی، پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و گەشەی ئابووری ناوخۆیی. پشتیوانییە نێودەوڵەتییەکان و ئاژانسەکانی گەشەپێدان دەتوانن یارمەتیدەر بن، بەڵام زۆرجار ئەم جۆرە بودجەیە پرۆژە، بنەمایە و بەردەوام نییە. بۆیە، پێویستە سەرچاوەی دارایی ناوخۆیی و سیستەمێکی بەردەوامی پشتیوانی توێژینەوە دروست بکرێت.

### ١٠. هاوکاریی نێودەوڵەتی
هاوکاریی نێودەوڵەتی دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرزکردنەوەی کوالێتی توێژینەوەی بەڕێوەبردن هەبێت. لە ئێستادا، بەشێکی زۆری ئەم هاوکارییە لە ڕێگەی پەیوەندییە تاکەکەسییەکانی فاکەڵتی، خوێندنی دەرەوە و بەشداری لە کۆنفرانسەکانەوە دەبێت، نەک هەمیشە لە ڕێگەی پرۆژە توێژینەوەییە دامەزراوەیی و درێژخایەنەکان.

بۆ پەرەپێدانی ئەم بوارە، زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەتوانن پەیوەندییەکی بەهێزتر لەگەڵ زانکۆ و تۆڕە توێژینەوە نێودەوڵەتییەکان دروست بکەن. ئەمە دەتوانێت ڕێگە بۆ توێژینەوەی هاوبەش، گۆڕینەوەی زانستی، ڕاهێنانی فاکەڵتی و دەستگەیشتن بە داتا و شێوازی نوێی توێژینەوە خۆش بکات.

لە هەمان کاتدا، هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان کاتێک زۆرترین بەها دەبەخشن کە تەنها بۆ بەرزکردنەوەی ژمارەی بڵاوکراوەکان نەبن، بەڵکو بتوانن توانای ناوخۆیی دروست بکەن و توێژینەوەی نێودەوڵەتی لەگەڵ پێویستییە ڕاستەقینەکانی کوردستان و عێراق پەیوەست بکەن.

## سێیەم: شیکاری (SWOT)

شیکاری SWOT (سوۆت) ڕێگەیەکی ستاندارد و گرنگی ئامادەکردنی پلانی ستراتیژییە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی کۆمپانیا، پرۆژە، یان تەنانەت کەسێک، لەڕێگەی دیاریکردنی چوار لایەنی سەرەکییەوە.

**بەشەکانی SWOT:**

**S - Strengths (خاڵە بەهێزەکان):** ئەو تایبەتمەندی و توانا ناوخۆییانەی کە سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن و باڵادەستیت دەدەنێ.

**W - Weaknesses (خاڵە لاوازەکان):** ئەو کەم و کوڕی و کێشە ناوخۆییانەی ڕێگرن لە پێشکەوتن و پێویستیان بە چاککردن هەیە.

**O - Opportunities (دەرفەتەکان):** ئەو هەڵ و دەرفەتە دەرەکییانەی لە ژینگە یان بازاڕدا هەن و دەکرێت بۆ سەرکەوتن سوودیان لێ ببنرێت.

**T - Threats (مەترسییەکان):** ئەو فاکتەرە دەرەکییانەی لە کۆنترۆڵی تۆدا نین و دەبنە ئاستەنگ یان مەترسی بۆ سەر پرۆژەکە.

ئەم ئامرازە یارمەتیدەرێکی بەهێزە تا لەسەر بنەمای زانیاریی ورد، بڕیاری دروست و ستراتیژی وەربگیرێت.

**Strengths (خاڵە بەهێزەکان)**

| ژ | خاڵی بەهێز | نموونەی کرداری | شیکاری قووڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | خەڵکی گەنج | دەتوانرێت بەکاربهێنرێت وەک نیرۆی کار بۆ سەکتەری تەکنەلۆژیا، ئی-کۆمەرس، و خزمەتگوزاری فینتێک | ٦٠% +دانیشتووان لەژێر ٣٠ ساڵدا؛ تەمەنی کارکردن بەرزە؛ ئامادەیی بۆ فێربوونی تەکنەلۆژیا و گۆڕانکاری زۆرە |
| ٢ | بەرنامەی بازرگانی زۆر | دەکرێت پەیوەندی نێوان خوێندن و بازرگانی (Internship) بەهێز بکرێت | زانکۆکان بەرنامەیان هەیە لە بەڕێوەبردن، بازرگانی ئەلیکترۆنی، و ئاکارگەیری؛ ئەمە بنەمایەکی باشە بۆ کارەبەرهەمهێنان |
| ٣ | زمانی ئینگلیزی | دەتوانرێت "Outsourcing Hub" دامەزرێنرێت بۆ کۆمپانیای نێودەوڵەتی (وەک نموونەی هیندستان و فلیپین) | قوتابی و گەنجانی زۆر ئینگلیزی باش دەزانن؛ ئەمە ڕێگایان پێدەدات لەگەڵ بازاڕی جیهانی و تەکنەلۆژیای نوێدا کار بکەن |
| ٤ | کراوەتی بەرانبەر وەبەرهێنانی تایبەت | دەتوانرێت "Special Economic Zone" یان "Tech Park" دامەزرێنرێت بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەوە | یاسا و ڕێگای ئاسان هەیە بۆ وەبەرهێنان؛ سنوورێکی کەم هەیە بۆ دامەزراندنی کۆمپانیا |
| ٥ | کلتووری کارەبەرهەمهێنانێکی نوێ | دەکرێت Incubators و Accelerators دامەزرێنرێن بۆ پشتگیری Startups | گەنجان ئامادەن بۆ دامەزراندنی پرۆژەی نوێ و بەرهەمهێنانی کار؛ ڕۆحی کارەبەرهەمهێنان بەرزە |

## لاوازییەکان (Weaknesses)

| ژ | لاوازییەکان (Weaknesses) | بۆچی کێشەیە؟ | مانای ڕاستەقینە |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | بەرهەمی کەمی توێژینەوە | کۆمپانیاکان ناتوانن زانست بەکاربهێنن بۆ باشتربوون؛ دەبێت هەمووشت لە دەرەوە بخرێتە ناو | زانکۆکانمان زۆرتر لەسەر خوێندنن، نەک دۆزینەوەی شتێکی نوێ. توێژینەوە واتە: لێکۆڵینەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی نوێ بۆ کێشەیەک. |
| ٢ | پەیوەندییە لاوازەکانی زانکۆ-کۆمپانیاکان | قوتابی دەرچوو نازانن چی بکەن؛ کۆمپانیاکان نارازیین و دەبێت کارمەندی دەرەوە بێنن | زانکۆ و کۆمپانیاکان لەگەڵ یەکدا قسە ناکەن. قوتابی فێری کارێکی ڕاستەقینە نابن، تەنها تیۆری دەخوێنن. |
| ٣ | داتای بازرگانی ناوخۆیی کەمە | بڕیارەکان بە "بزانین" و "وا بزانین" دەکرێن نەک بە ژمارەی ڕاستەقینە. | داتا = زانیاری و ژمارە. هیچ ئامارێکی ڕاستەقینەمان نییە چەند کۆمپانیا هەیە، چەند قاپڵە هەن، چی دەفرۆشرێت. |
| ٤ | توانای توێژینەوەی ماستەر + دکتۆرا سنووردارە | باشترین قوتابیان بۆ دەرەوە دەچن بۆ خوێندن؛ دواتر ناگەڕێنەوە | پۆستگراجوەیت = خوێندنی باڵا (ماستەر، دکتۆرا). زانکۆکانمان توانایان نییە قوتابیان فێری لێکۆڵینەوەی قووڵ بکەن. |

## دەرفەتەکان(Opportunities)

| ژ | دەرفەتەکان (Opportunities) | چۆن سوودی لێ وەربگرین | ڕوونکردنەوە بە کوردی |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | بەرنامە جیاکردنەوەی ئابووری | زانکۆکان بەرنامەی نوێ بۆ کەرتی تەکنەلۆژیا، کشتوکاڵ، و گەشتیاری دانێن | پلانێکی حکومەتی بۆ ئەوەی سەرچاوەی داهات لە شتێکی تاک (نەوت) بگۆردرێت بۆ چەندین کەرت |
| ٢ | گۆڕانی دیجیتاڵ (Digital Transformation) | دەستپێبکەین؛ خوێندنی ئۆنلاین (Online Learning) قوتابیان فێری تەکنەلۆژیا بن | گۆڕینی سیستەمەکان لە کاغەز و ڕووبەڕووەوە بۆ ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر |
| ٣ | گەشەی ئی-کۆمەرس (E-commerce) | قوتابیانی بەڕێوەبردن فێری دامەزراندنی کۆمپانیای ئۆنلاین بکەین | بازرگانی ئەلیکترۆنی یان فرۆشتنی کاڵا لەسەر ئینتەرنێت (وەک ئەمازۆن) |
| ٤ | پەیوەندییە بازرگانییە ناوچەییەکان | زمان و کلتووری بازرگانیی ئەم وڵاتانە فێر بکەین؛ بازاڕی هاوبەش دروست بکەین | بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر: تورکیا، ئێران، Jordanو کەنداو ، |
| ٥ | بزووتنەوەی دۆنۆر (Donor) | پرۆژەی زانستی و خوێندنی پێشکەش بەم ڕێکخراوانە بکەین بۆ گرتنی بودجە | ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی یارمەتیدەر (وەک UNDP ، World Bank) کە ئامادەن پارە بدەن |
| ٦ | دایاسپۆرا (Diaspora) | وەک مامۆستای میوان (Visiting Professor) بەکاریان بهێنین؛ وەبەرهێنانیان ڕابکێشن | کوردانی دەرەوە؛ ئەو هاووڵاتیانەی لە دەرەوەی وڵات (ئەورووپا، ئەمریکا) نیشتەجێن |
| ٧ | قوتابیانێکی گەڕاوە | ئەزموونی نێودەوڵەتی و زانستیان بەکاربهێنین بۆ باشکردنی زانکۆ و قوتابخانەکان | ئەو قوتابی و توێژەرانەی لە دەرەوە خوێندویانە و گەڕاونەتەوە |

### مەترسییەکان(Threats)

| ژ | مەترسییەکان(Threats) | بۆچی مەترسییە؟ | ڕوونکردنەوە و شیکاری قووڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | ناسەقامگیریی سیاسی و ئابووری | جێگیرنەبوونی بودجە و دۆخی سیاسی دەبێتە هۆی پەکخستنی پرۆژە درێژخایەنەکان. | ئاڵۆزییە ناوچەییەکان و کێشەکانی بودجە لەگەڵ بەغدا دەبنە هۆی نادڵنیایی دارایی، ئەمەش وادەکات زانکۆکان و کەرتی تایبەت نەتوانن وەبەرهێنانی درێژخایەن لە توێژینەوەدا بوبژێرن. |
| ٢ | بەردەوامیی کۆچکردنی مێشک (Brain Drain) | لەدەستدانی توێژەر و ئیسپۆرییە بەتواناکان بۆ دەرەوەی وڵات. | کەمی پشتگیریی دارایی، نادڵنیایی کار و سنووردارێی ژێرخانی توێژینەوە دەبێتە هۆی ئەوەی توێژەرە لێهاتووکان و دەرچووانی دەرەوەی وڵات لە کوردستان نەمێننەوە. |
| ٣ | دابەزینی نرخ یان پشتبەستنی ڕەها بە نەوت | قەیرانی دارایی سێکتەری گشتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار لە بودجەی خوێندنی باڵا دەکات. | گۆڕانکاری لە بازاڕی جیهانیی نەوتدا داهاتی هەرێم کەمدەکاتەوە، ئەمەش وادەکات خوێندنی باڵا و توێژینەوە یەکەم سێکتەر بن کە بودجەکەیان کەمدەکرێتەوە. |
| ٤ | بەرگری بەرامبەر گۆڕانکاری و نوێگەری (Resistance to Change) | کۆسپەکانی بەردەم گۆڕینی سیستەمی کۆنی بەڕێوەبردن و خوێندن. | ڕاهاتنی سیستەمی ئەکادیمی لەسەر فێرکاریی تیۆری و نەبوونی ئارەزووی بەشێک لە دامەزراوەکان بۆ هاوکاری لەگەڵ کەرتی تایبەت، پێشکەوتنی توێژینەوە خاو دەکاتەوە. |
| ٥ | پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆجیا و ژیریی دەستکرد(AI) | دواکەوتنی پرۆگرامەکانی خوێندن لە ڕەوتی جیهانی. | گۆڕانکارییە خێراکان لە ئامرازەکانی شیکاری داتا و ژیریی دەستکردا وادەکات، ئەگەر زانکۆکان خێرا خۆیان نەگونجێنن، بەرهەمی توێژینەوە و توانای دەرچووان لە بازاڕی جیهانیدا بەهاکەی لەدەست بدات. |
| ٦ | لاوازی یان نەبوونی یاساکانی مافی خاوەندارێتیی فکری (Intellectual Property) | ساردبوونەوەی توێژەران و کۆمپانیاکان لە وەبەرهێنان لە نوێگەریدا. | نەبوونی پاراستنی یاسایی بەهێز بۆ توێژینەوە، مۆدێلە نوێکانی کاروبار و پەتەنتەکان، هانی کەرتی تایبەت نادات فۆند یان پشتگیریی دارایی پێشکەشی توێژینەوەی زانکۆکان بکات. |

# چوارەم: پلانی ستراتیژی

## یەکەم: دید (Vision) بۆ ساڵی ٢٠٤٦

**دید:** دامەزراندنی هەرێمی کوردستان وەک ناوەندێکی ناسراوی ناوچەیی لە بواری توێژینەوەی بەڕێوەبردن و بازرگانیی کاربەجێ، بەرهەمهێنانی توێژینەوەیەکی بەکەیف و پەیوەندیدار بە پێویستییەکانی ناوخۆ، کە بتوانێت کارەبەرهەمهێنان، گەشەی کاروبارە بچووک و ناوەڕاستەکان، و سیاسەتی ئابووری پشتگیری بکات.

**ئەم بینینە سێ ئامانجی سەرەکی لەخۆ دەگرێت:**

**١.کوالیتی:** بەرزکردنەوەی ئاستی توێژینەوەکان و گەیشتن بە ستانداردە نێودەوڵەتییەکان.

**٢. گونجان لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆ:** دڵنیابوون لەوەی توێژینەوەکان بە ڕاستەوخۆیی وەڵامی پێویستییەکانی کاروبار، دامەزراوە حکومییەکان و کۆمەڵگا بدەنەوە.

Çarzan

**٣. بەردەوامی:** دامەزراندنی ناوەندەکانی توێژینەوە، سەرچاوەی دارایی و توانای مرۆیی کە بتوانن بەردەوام بەرهەم و بەها دروست بکەن.

## دووەم: پەیام (Mission)

زانکۆکان، توێژەران، حکومەت و کەرتی تایبەت پێکەوە کار دەکەن بۆ ئەوەی ئەم بینینە لە قسە و پلانەوە بگۆڕدرێت بۆ کاری ڕاستەقینە.

**١. زانکۆکان:** میکانیزمی هاندانی توێژەران باشتر دەکەن، بە شێوەیەک کە توێژینەوەی بەکەیف و فێرکردن هەردووکیان گرنگ بن. هەروەها وەبەرهێنان لە ژێرخانی توێژینەوە، بەرنامەکانی دکتۆرا و ناوەندەکانی توێژینەوەی کاربەجێ دەکەن، بە تایبەتی لە بواری کارەبەرهەمهێنان، کاروباری بچووک و ناوەڕاست و کێشە ئابوورییەکان.

**٢. توێژەران:** توێژینەوەی بەهێز و ورد ئەنجام دەدەن کە لەسەر داتای ناوخۆیی بنیات نراوە و بنەمای ئەخلاقی و زانستی تێدا پارێزراوە. ئەنجامەکانیان لە گۆڤارە زانستییە باوەڕپێکراوەکان بڵاو دەکەنەوە و بە شێوەیەکی سادە و گەیشتنپێکراو بۆ بڕیاردەران و پیشەکاران دەیانخەنەڕوو.

**٣. حکومەت:** ژینگەیەکی گونجاو بۆ توێژینەوە دروست دەکات و بودجەی پێویست دابین دەکات. هەروەها ئەنجامی توێژینەوەکان لە بڕیار و سیاسەتە ئابوورییەکاندا بەکار دەهێنێت و کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئاماری بازرگانی پشتگیری دەکات.

**٤.کەرتی تایبەت:**کۆمپانیاکان، بانکەکان، دامەزراوەکانی بازرگانی و کاروبارە نوێکان لەگەڵ زانکۆکان هاوکاری دەکەن، داتای ڕاستەقینەی کاروبار و نموونەکانی کەیس پێشکەش دەکەن، شوێنی ڕاهێنان بۆ قوتابییان دابین دەکەن و لە پرۆژە توێژینەوە هاوبەشەکاندا بەشدار دەبن.

## سێیەم: ئامانجە ستراتیژییە درێژخایەنەکان

ئەم ئامانجانە ڕێنمایی گەشەی توێژینەوەی بەڕێوەبردن و بازرگانی لە ماوەی بیست ساڵی داهاتوودا دەکەن:

**١. بەرزکردنەوەی کوالیتی و بەرهەمی توێژینەوە** :زیادکردنی ژمارە و کوالیتی توێژینەوە زانستییەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

**٢. بەهێزکردنی ژێرخانی توێژینەوە:** دامەزراندنی ناوەندەکانی توێژینەوەی بازرگانی، تاقیگەکانی داتا و کۆگای کەیسە توێژینەوەییەکان.

**٣. گەشەپێدانی توانای مرۆیی**: فراوانکردنی بەرنامەکانی دکتۆرا و ڕاهێنانی پاش دکتۆرا لە بواری بەڕێوەبردن و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە توێژەری دەرەوە.

٤. **زیادکردنی بڵاوکردنەوەی نێودەوڵەتی**: بەرزکردنەوەی ژمارەی توێژینەوەکانی پەیوەندیدار بە کوردستان کە لە گۆڤارە زانستییە نێودەوڵەتییەکاندا بڵاو دەکرێنەوە.

٥. **بەهێزکردنی هاوکاری لەگەڵ کەرتی تایبەت:** دروستکردنی پەیوەندییەکی بەردەوام لەنێوان زانکۆکان، کۆمپانیاکان، بانکەکان و دامەزراوەکانی بازرگانی.

٦. **پشتگیری توێژینەوەی نێوانبواری:** پەیوەندیکردنی بواری بەڕێوەبردن بە ئابووری، تەکنەلۆژیا، یاسا و ئەندازیاری بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکان وەک گۆڕانی دیجیتاڵ و بەردەوامی.

٧. **هاندانی نوێگەری و کارەبەرهەمهێنان:** بەکارهێنانی توانای زانکۆکان بۆ پشتگیری کاروبارە نوێکان و کۆمپانیا بچووک و ناوەڕاستەکان، بە پشتبەستن بە توێژینەوە.

٨. **جیاکردنەوەی سەرچاوەکانی دارایی توێژینەوە:**کەمکردنەوەی پشتبەستن بە بودجەی حکومەت لە ڕێگەی گەشەپێدانی گرێنتە پێشبڕکێکارەکان، بەخشینە داراییەکان و هاوبەشیی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت.

## پێنجەم: بوارە بنەرەتییەکانی توێژینەوە

**لە ماوەی ساڵانی ٢٠٢٦–٢٠٤٦، ئەم دە بوارە دەتوانن ببنە بنەمای سەرەکی بۆ توێژینەوەی بەڕێوەبردنی کار لە هەرێمی کوردستان:**

١. **گەشە و پێشبڕکێی کاروباری بچووک و ناوەڕاست:** توێژینەوە لەسەر دارایی، بەرهەمهێنان، فۆرمەڵبوون و ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی کاروبارە بچووک و ناوەڕاستەکان دەبنەوە.

٢. **کارەبەرهەمهێنان و کاروبارە نوێکان** :ناسینی ئەو هۆکارانەی کە یارمەتی گەنجان و دەستپێشخەرییە نوێکان دەدەن بۆ دروستکردنی کاروبار و گەشەکردنیان.

٣. **جیاکردنەوەی ئابووری و ستراتیژی دوای نەوت:** توێژینەوە لەسەر کشتوکاڵ، گەشتیاری، پیشەسازی و تەکنەلۆژیا بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت.

٤. **گۆڕانی دیجیتاڵ و بازرگانی ئەلیکترۆنی:** توێژینەوە لەسەر بازرگانی ئەلیکترۆنی، تەکنەلۆژیای دارایی و شێوازە نوێکانی کاروبار.

٥. **بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان و گونجانی بازاڕی کار:** لێکۆڵینەوە لە نێوان تواناکانی قوتابییان و ئەو توانایانەی کارفرماکان پێویستیان پێیە، بۆ باشترکردنی بەرنامەکانی خوێندن و کەمکردنەوەی بێکاری گەنجان.

**٦. بەڕێوەبردنی کۆمپانیا و کوالیتی دامەزراوەکان:** توێژینەوە لەسەر شەفافیەت، بەرپرسیارێتی و شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکان بۆ زیادکردنی متمانەی وەبەرهێنەران.

**٧. دەستگەیشتن بە دارایی و سیستەمی بانکی:** لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی دارایی کە کاروبارە بچووک و ناوەڕاستەکان ڕووبەڕوویان دەبنەوە و ڕۆڵی بانکەکان لە پشتگیرییان.

**٨. بازرگانی، گواستنەوە و پەیوەندی ئابووری لەگەڵ ناوچەکە:** توێژینەوە لەسەر بازرگانی و گواستنەوە بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی کوردستان وەک ناوەندێکی بازرگانی ناوچەیی.

**٩. کاروباری سەوز و پاراستنی ژینگە:** توێژینەوە لەسەر شێوازەکانی کاروباری بەردەوام و ژینگەپارێز و چۆنیەتی گونجاندنی کاروبارە ناوخۆییەکان لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکان.

**١٠. بەڕێوەبردنی کەرتی گشتی و چاکسازیی سیاسەت:** بەکارهێنانی توێژینەوە بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و چاکسازیی سیاسەتەکان.

## شەشەم: ستراتیژی دابینکردنی بودجەی توێژینەوە

بۆ بەردەوامبوونی توێژینەوە، پێویستە سەرچاوەکانی بودجە جۆراوجۆر بن و تەنها پشت بە بودجەی حکومەت نەبەسترێت.

**١. بودجەی حکومەت:** حکومەت و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەتوانن فۆندێکی تایبەت بۆ توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بەڕێوەبردن دابین بکەن.

**٢. بودجەی زانکۆ:** زانکۆکان دەتوانن بەشێک لە داهاتی خۆیان بۆ گرێنتی ناوخۆیی توێژینەوە تەرخان بکەن و بارێکی خوێندن لەسەر توێژەرانی چالاک کەم بکەنەوە.

**٣. کەرتی تایبەت:** بانکەکان، کۆمپانیاکان و دامەزراوە گەورەکان دەتوانن لە توێژینەوەی کاربەجێ، دروستکردنی کەیسە توێژینەوەییەکان و ناوەندە هاوبەشەکاندا وەبەرهێنان بکەن.

**٤. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان:** زانکۆکان دەبێت توانای نووسین و پێشکەشکردنی داواکاریی گرێنتیان بەهێز بکەن بۆ بەشداریکردن لە پرۆژە و فۆندە نێودەوڵەتییەکان.

**٥. گرێنتە پێشبڕکێکارەکان:** دابینکردنی گرێنت بە شێوەی پێشبڕکێ و لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی هاوتایان دەتوانێت کوالیتی توێژینەوە بەرز بکاتەوە.

Çarzan

**٦. هاوبەشیی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت:** دروستکردنی ناوەندە هاوبەشەکانی توێژینەوە دەتوانێت سەرچاوەی دارایی و توانا زانستییەکان کۆ بکاتەوە و توێژینەوەکان بە پێویستییە ڕاستەقینەکانی ئابوورییەوە پەیوەست بکات.

لەگەڵ گەشەکردنی ئەنجامەکان، دەتوانرێت بودجەی توێژینەوەش بە هێواشی زیاد بکرێت. بۆ نموونە، ئەگەر توێژینەوەیەک لەسەر کاروباری بچووک یان وەبەرهەمهێنان بتوانێت کاریگەرییەکی ڕوون لەسەر سیاسەت یان وەبەرهێنان هەبێت، ئەمە دەتوانێت ڕێگای بودجەی گەورەتر و بەردەوامتر خۆش بکات.

## حەوتەم: نوێگەری و هاوکاری

توێژینەوەی بەڕێوەبردن تەنها نابێت لە ناو زانکۆدا بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێت لەگەڵ کۆمەڵگا، حکومەت و کەرتی تایبەت پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەبێت.

**١. کەرتی تایبەت:** پرۆژە هاوبەشەکان، ڕاهێنانی قوتابییان و کەیسەکانی کۆمپانیاکان دەتوانن توێژینەوە لەگەڵ کێشە ڕاستەقینەکانی کاروبار پەیوەست بکەن.

**٢. حکومەت:** توێژینەوە لەسەر کێشەکانی کاروباری بچووک، باج، ژینگەی وەبەرهێنان و بوارەکانی تر دەتوانێت یارمەتی بڕیاردەران بدات بۆ دانانی سیاسەتی باشتر.

**٣. کۆمەڵگا:** توێژینەوە لەسەر هۆشیاری دارایی، پاراستنی بەکارهێنەر و پشتگیری کاروباری بچووک دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ وۆرکشۆپ و بەرنامەی گەیاندنی زانیاری بۆ خەڵک.

**٤. کارەبەرهەمهێنان:** ئینکیوباتۆر و پێشبڕکێکانی پلانی کاروبار لە زانکۆکان دەتوانن گەنجان هان بدەن بیرۆکەکانیان بگۆڕن بۆ کاروباری ڕاستەقینە.

**٥. گواستنەوەی تەکنەلۆژیا:** هاوکاری لەگەڵ زانکۆ و دامەزراوەکانی دەرەوە دەتوانێت شێوازی نوێی بەڕێوەبردن، ئامرازەکانی شیکاری داتا و ماددەی فێرکاری نوێ بگوازێتەوە بۆ ناوخۆ.

**٦. گەشەپێدانی کۆمەڵگا:** توێژینەوە لەسەر کۆئۆپەراتیڤەکان، دارایی بچووک و فۆرمەڵکردنی کاروبارە نافەرمییەکان دەتوانێت بە گەشەی ئابووری لە شار و ناوچە جیاوازەکاندا یارمەتی بدات.

## هەشتەم: ڕێچکەی جێبەجێکردن

### قۆناغی یەکەم: (٢٠٢٦ - ٢٠٣٠) بنەڕەت

لەو قۆناغەدا گرنگترین کار دامەزراندنی نووسینگە یان ناوەندی توێژینەوە لە زانکۆ بەشداربووەکانە. هەروەها پێویستە ڕاپرسییەکی سەرەتایی لەسەر پێویستییەکانی کاروبارە بچووک و ناوەڕاستەکان و دۆخی توێژینەوەی بازرگانی ئەنجام بدرێت.لە هەمان کاتدا، سیاسەتی هاندانی توێژەران دەبێت دەست پێ بکات، بودجەی سەرەتایی بۆ توێژینەوە دابین بکرێت و کۆگایەکی تایبەت بۆ کەیسە توێژینەوە ناوخۆییەکان دروست بکرێت.

**ئەنجامی چاوەڕوانکراو:** زیادبوونی بەرهەمی توێژینەوە، دروستبوونی یەکەم کۆمەڵە کەیسی ناوخۆیی، دەستپێکردنی گرێنتە ناوخۆییە پێشبڕکێکارەکان و کۆکردنەوەی داتای سەرەتایی لەسەر کاروبارەکان.

### قۆناغی دووەم: (٢٠٣١ - ٢٠٣٥) گەشە

لەو قۆناغەدا پێویستە بەرنامەکانی دکتۆرا فراوان بکرێن و پەیوەندییەکان لەگەڵ کەرتی تایبەت و دامەزراوەکانی بازرگانی فەرمیتر بکرێن. هەروەها دەتوانرێت گرێنتی ناوچەیی بۆ توێژینەوە دابمەزرێت و کۆنفرانسێکی ناوچەیی بۆ توێژینەوەی بازرگانی لە هەولێر یان سلێمانی بەڕێوە بچێت.

**ئەنجامی چاوەڕوانکراو:** زیادبوونی بڵاوکردنەوە زانستییەکان، کاراکردنی ناوەندە هاوبەشەکانی زانکۆ و کەرتی تایبەت و زیادبوونی ژمارەی توێژەرانی دکتۆرا لە بواری بەڕێوەبردن.

### قۆناغی سێیەم: (٢٠٢٦ - ٢٠٤٠) فراوانبوون

لەو قۆناغەدا ناوەندی تایبەت بۆ بوارەکانی کارەبەرهەمهێنان، کاروباری دیجیتاڵ و بەردەوامی دەتوانرێت دابمەزرێنرێت. هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان و توێژینەوە هاوبەشەکان دەبێت فراوانتر بکرێن و ئەنجامی توێژینەوەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆتر بخرێنە ناو سیاسەتی ئابووری.

**ئەنجامی چاوەڕوانکراو:** ناسراوی ناوچەیی بۆ توێژینەوەی پەیوەندیدار بە کوردستان، کاریگەریی روونتر لەسەر سیاسەتە ئابوورییەکان و زیادبوونی نوێگەری و بیرۆکە نوێکان.

### قۆناغی چوارەم: (٢٠٤١ - ٢٠٤٦) پێشبڕکێی نێودەوڵەتی

لە کۆتایی پلانەکەدا، زانکۆ پێشەنگەکانی بواری بازرگانی دەتوانن بۆ پەسەندکردنی نێودەوڵەتی هەنگاو بنێن و کورسییە تایبەتەکانی توێژینەوە دابمەزرێنن. هەروەها هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە شوێنی بەڕێوەبردنی کۆنفرانسە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و بەرنامە هاوبەشەکانی دکتۆرا پەرەپێ بدات.

**ئەنجامی چاوەڕوانکراو:** بەردەوامی لە بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە ئاستی نێودەوڵەتی، ناسراوی هەرێمی کوردستان وەک ناوەندێکی ناوچەیی بۆ توێژینەوەی بەڕێوەبردنی کاربەجێ، و بەکارهێنانی ئەنجامی توێژینەوەکان لە دانانی سیاسەتی ئابووری، بە تایبەتی لە بوارە نەنەوتییەکاندا.

## نۆیەم: پێوەرە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی کار(Key Performance Indicators - KPIs)

| پێوەر | وەسف |
|---|---|
| ژمارەی بڵاوکراوەکان (Number of Publications) | ژمارەی وتارە زانستییەکان، کاغەزە توێژینەوەییەکان و کەیسە توێژینەوەییەکان کە ساڵانە لەلایەن فاکەڵتی بەڕێوەبردنەوە بڵاودەکرێنەوە. |
| کاریگەری بڵاوکراوەکان (Citation Impact) | تێکڕای ژمارەی جارەکانی سەرچاوەدانان بۆ هەر بڵاوکراوەیەک، هەروەها بوونی توێژینەوەکان لە داتابەیسە نێودەوڵەتییە ناسراوەکان، وەک Scopus و Web of Science. |
| دابینکردنی بودجەی دەرەکی بۆ توێژینەوە (External Research Funding Secured) | کۆی ئەو پارەیەی کە ساڵانە لە ڕێگەی یارمەتییە داراییەکان، پرۆژەکانی دامەزراوە پشتگیریکەرەکان و گرێبەستی توێژینەوە لەگەڵ کەرتی تایبەت بەدەست دێت. |
| پەتەنت و نوێگەری (Patents and Innovations) | ژمارەی نوێگەرییەکان، پەتەنتەکان، مۆدێلە نوێکانی کاروبار و کاروبارە نوێکان کە لە ئەنجامی توێژینەوە و پشتگیری زانکۆ دروست یان تۆمار کراون. |
| هاوکارییەکانی کەرتی تایبەت (Private-sector Collaborations) | ژمارەی ڕێککەوتن و پرۆژە توێژینەوە هاوبەشەکان لەگەڵ دامەزراوە بازرگانییەکان و کۆمپانیا تایبەتەکان. |
| دەرچووانی دکتۆرا (PhD Graduates) | ژمارەی قوتابییانی دکتۆرا لە بواری بەڕێوەبردن کە ساڵانە دەرچوون یان لەلایەن زانکۆکانی ناوچەکەوە دامەزراون و کار دەکەن. |
| هاوبەشییە نێودەوڵەتییەکان (International Partnerships) | ژمارەی هاوبەشییە فەرمی و چالاکەکان لەگەڵ زانکۆ نێودەوڵەتییەکان، گۆڤارە زانستییەکان و تۆڕەکانی توێژینەوە. |
| ناوەندە توێژینەوە دامەزراوەکان (Research Centers Established) | ژمارەی ناوەندە تایبەتییەکانی توێژینەوەی بازرگانی و بەڕێوەبردن، یان تاقیگە توێژینەوەییەکان کە دامەزراون. |

## دەیەم: کۆتایی(Conclusion)

ئەم پلانی ستراتیژیی ٢٠ ساڵە**یە**، ڕێچکەیەکی ڕوون و جێبەجێکراو دیاری دەکات بۆ ئەوەی توێژینەوەی **بەڕێوەبردنی کار** لە هەرێمی کوردستان، لە بارودۆخی ئێستاوە بەرەو بوون بە ناوەندێکی ناسراوی ناوچەیی بۆ توێژینەوەی بەڕێوەبردنی کاربەجێ تا ساڵی ٢٠٤٦ بەرەوپێش بچێت.ئەم پلانە لەسەر بنەمای تواناکانی ئێستای هەرێم، بە تایبەتی گەنجانی خوێندەوار، گەشەی کەرتی زانکۆیی، و هەلی بەردەست بۆ وەبەرهێنانی تایبەت دامەزراوە. لە هەمان کاتدا، هەوڵ دەدات لاوازییەکانی پەیوەندیدار بە بودجە، ژێرخانی توێژینەوە و پەیوەندیی نێوان زانکۆ و کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ چارەسەر بکات.

بۆ گەیشتن بە ئەم ئامانجە، پلانەکە لە چوار قۆناغ پێک دێت: بنەڕەت(Foundation)، گەشە(Growth)، فراوانبوون(Expansion)، و پێشبڕکێی جیهانی(Global Competitiveness). هەر قۆناغێک ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆی هەیە و بە بودجەی پێویست و پێوەرە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی کار (KPIs) پشتیوانی دەکرێت.ئەگەر ئەم ستراتیژییە بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕێکخراو جێبەجێ بکرێت، دەتوانێت بنەمایەکی بەهێزی بەڵگە و زانیاری بۆ بڕیارسازی ئابووری دروست بکات، گەشەی کەرتی تایبەت و پێشبڕکێی کاروبارەکان پشتگیری بکات، و ژینگەیەکی گونجاو بۆ کارەبەرهەمهێنان و نوێگەری دروست بکات.

لە کۆتاییدا، سەرکەوتنی ئەم پلانە تەنها بە ژمارەی بڵاوکراوەکان یان پرۆژەکانی توێژینەوە ناپێورێت؛ بەڵکو بەوەش دەسەنگێنرێت کە تا چەندە توێژینەوە دەتوانێت ببێتە بنەمای بڕیارسازی، چارەسەرکردنی کێشەکانی کاروبار، و پشتیوانی لە گەشەی درێژخایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان.ۆیە، وەبەرهێنانی بەردەوام لە توانای توێژینەوە، پەرەپێدانی توانا و شارەزایی توێژەران، و بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان زانکۆ، حکومەت و کەرتی تایبەت، دەبێتە بنەمای سەرەکی بۆ گەیشتن بە بینینی ساڵی ٢٠٤٦.

## سەرچاوەکان


- Badran, A., & Zou'bi, M. R. (2021). UNESCO Science Report: The Arab States chapter. UNESCO Publishing.
- International Organization for Migration (IOM) Iraq. (2019). Technology and innovation in Iraq: A market assessment of tech sector businesses in Iraq. IOM Iraq.
- UNESCO. (2012). Revitalising science, technology and innovation in Iraq: A roadmap. UNESCO.
- UNESCO. (2015). UNESCO science report: Towards 2030 – Arab States regional overview. UNESCO Publishing.
- UNESCO Institute for Statistics. (2025). Research and development expenditure as a proportion of GDP (SDG indicator 9.5.1) [Data set]. UNESCO UIS.
- World Bank. (2018). Financing higher education in Arab states. UNESCO Regional Bureau for Education in the Arab States.


Çarzan